# له وه‌لاّم به ئاسۆی كۆنه په‌یامنێرو ده‌زگای زانیاریدا

**جبار محسن**

05-01-2005

ئاسۆ ووتارێكی له‌سه‌ر حیزبمان نوسیوه كه ئه‌گه‌رو جنێو و درۆو ده‌له‌سه‌كانی لیّ ده‌رهێنی هیچی لیّ نامێنێته‌وه . به‌لاّم له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌سانێك به نوسینه‌كه‌ی تیّ نه‌كه‌ون‌و خه‌یاڵێكی وایان لا دروست ببیّ كه ئاسۆ له حیزبی ئێمه دا ئه‌ندام بووه و ره‌نگه قسه‌كانی دروست بێت ،وه‌لاّمێك به نووسینه‌كه‌ی ده‌ده‌مه‌وه، كه‌زۆر به‌گومانم له‌وه‌ی خۆی نوسیبێتی ، چونكه نه نوسه‌ره‌و نه ئه‌و جه‌رائه‌ته‌شی هه‌یه و هه‌بووه كه ئیدعای ئه‌كات . به‌لاّم ئه‌ڵێی چی رووی سه‌رمایه‌داری ره‌ش بێت كه كاسبی وا ئه‌كاته نسیبی خه‌ڵك كه نه‌ك جه‌سته به‌ڵكو هه‌ست‌و سۆزو ئینسانیه‌تی خۆشیان بفرۆشن . وه‌ختێك ئاسۆ په‌یامنێر بو له حیزبی ئێمه‌دا قه‌ڵه‌می بۆ نه‌ده‌خرایه سه‌ر كاغه‌زو ته‌نانه‌ت بۆ شێوه‌ی پرسیاره‌كانیش كه ده‌بوا له خه‌ڵكی بكردایه جوهدی زۆرمان ده‌كرد هه‌تا فێری ده‌بوو . كێشه‌ی ئه‌م به‌شه‌ره‌ش به‌شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی دوو شت بوون ، یه‌كه‌م جه‌رائه‌ت و ئه‌وه‌ی تریشیان قورسایی پاره له‌سه‌ر مێشكی . من‌و ئه‌وو ئه‌ندامی كۆمیته‌ی مه‌ركه‌زی پێكه‌وه له‌سه‌ر یه‌ك مێزو یه‌ك بڕی پاره‌مان وه‌رده‌گرت له حیزب كه‌چی ئاسۆ دوای دوو رۆژ پێی نه‌ده‌ماو هیچیشی پێوه دیار نه‌بوو . سه‌رئه‌نجام له‌سه‌ر بردنی پاره‌ی حیزب له حیزب ده‌ركرا .بۆیه ده‌مه‌وێت له‌به‌رامبه‌ریدا به كورتی بڵێم تۆیه‌ك كه ئه‌لف‌و بێی سیاسه‌ت له حیزبی ئێمه‌وه فێر بوویت ئه‌گه‌ر ئه‌وه ئینسافه‌كه‌ت بێت به‌و جۆره له به‌رامبه‌ریدا ته‌سه‌روف بكه‌یت رێی تیّ ئه‌چیّ به وه‌رگرتنی پاره‌یه‌كی زیاتر له‌وه‌ی كه حیزب پێی دایت 180 پله با بده‌یته‌وه. تۆ ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌نده جه‌ریئ بویت كه به‌حسابی خۆت شه‌ق له فه‌رده‌ی پاره هه‌ڵبده‌یت له به‌رده‌م رابه‌رایه‌تی حیزبدا ئه‌وه چۆن بوو قبوڵت كرد ئه‌و شتانه‌ی باست كردوون له حیزبماندا روو بده‌ن یان لانی كه‌م ئیستقاله‌ت نه‌دا یان چاوت له‌و دینارانه بوو كه وه‌رده‌گرت له هاورێیان بۆ جگه‌ره‌و كرێی پاسه‌كه‌ت و میوانیشت بیّ به‌ش نه‌ده‌كرد له‌م كرده‌وه‌یه‌ت .؟ تۆ ئه‌ڵێیت وه‌ختی خۆی پێم ناخۆش بووه سترانی كۆنه به‌عسی قسه‌ی به حیزبمان ووتووه ئه‌كرێت پێمان بڵێیت بۆچی؟به‌لاّم به‌هه‌ر حاڵ زه‌بری پاره گرانه‌و ره‌نگه فه‌شه‌لی خاریجه‌كه‌شت به خه‌تای حیزب بزانیت‌و نازانم ئێستا باوكیشت ئاوری لیّ داویته‌وه یان نا, هه‌موو ئه‌مانه

ڕەنگە قورسایی زۆریان لەسەر دانابیت بەڵام واقعەن ناڕەحەتم تۆش بویتە نێچیرێکی تری زانیاری‌و نیازی پیسی خۆیان بەرامبەرمان لە ڕێی تۆوە جیٚ بەجیٚ بکەن .
لەڕاستی ماوەیەکە ناسیۆنالیزمی کورد زۆر نیگەرانن لە هەڵوێست‌وسیاسەتی حیزب . ئێستاش مەقەرمان نەماوە بە چەکدارە شۆرە سوارەکانی کوردایەتی ئابلوقەی بدەن‌و شەڕمان پیٚ بفرۆشن ، ئیزاعەمان نەماوە و بڵێن ئەبیٚ دایخەن ،بۆیە بەم جۆرە شەڕمان پیٚ دەفرۆشن. خۆ ئەمەندە موفلیس‌و داماو‌و ڕسواشن هیچ قسەیەکیان پیٚ نییە بۆیە تەنها زمانی درۆ هەڵبەستن‌و جنێودان بەکاردەهێنن . ئەوان لە بەرامبەر هەموو ئەو پاشەکشە سیاسیەو لەدەستدانی هەلانەدا کە بۆ خۆیان‌و خەڵکی کوردستانیش خولقابوو هیچ تەبریرو قسەیەکیان پیٚ نەماوە ،سیاسەت نەماوە شکستی تیا نەهێنن ، دۆستایەتی نەماوە دوژمنایەتی‌و سووك کردنیان لیٚ نەچننەوە ، ئینجا دەیانەوێت خەڵك بە شیعارو قسەی بیٚ مانا سەرقاڵ‌و مەشغوڵ بکەن . گرنگترین ماف‌و چارەنوسی خەڵك لە بیر خەڵك دەبەنەوە کەچی قسەیان دەهێننە سەر مەسەلەی ئاڵای کوردستان.....نیگەرانن کە هاوڕیٚ ڕێبوار ئەحمەد ئەڵیٚ ئەمە ئاڵای کوردستان نییەو وەك هەموو ڕەمزەکانی دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد وەك دوبەرەکایەتی‌و کێشەی کۆنەپەرستانە سەیری ئەکەم . لەسەر ئەمە خۆشیان نازانن ئەمە کیٚ کردی بە ئاڵای کوردستان‌و بۆ پیرۆزەو پیرۆز بوون یانی چی ؟ ئەگەر بەو ئەندازیەش پیرۆزە بۆچی زیاد لە پەنجا ساڵە سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەقەد تووکی سەریان باسی ئاڵای کوردستانیان کردووە کەچی شاردویانەتەوەو خستیویانەتە ژێر پێیانەوە و ئێستاش نەبۆتە ئاڵای یەکێك لە حیزبەکانیان . بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر ئەوان شەهامەتێك ماوە لە خۆیانی نیشان بدەن ئەوە عەرزو ئەوە گەز چی زۆرە هۆڵی جەماوەری کام کەسەتان عیملاقی فیکریتانە بیهێنن با بەڵگەوە بیسەلمێنن کە بۆچی مێژوو ڕەمزو ئاڵاتان موقەددەسە ئێمەش تەنها کادرێك دادەنێن لە بەردەم ئاپورەی جەماوەردا بیسەلمێنێت کە هەموو موقەدەساتتان پوچەو کۆنەپەرستانەو دژی خەڵکەو بە ڕشتنی خوێنی خەڵك دروست کراوە .